کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# چەند پەیڤێك لەیادی ئەنفالدا



ئەحمەد محەمەد ئابلاخی*

ئەنفال ئەگەر هەر وێرانکردنی دێکانی کوردستان بێت ئەوە رەنگە وەك کارێکی ئاسایی و وێرانکردنی هەزاران دێی تر پێش ئەنفال هەر بەهەرحاڵ، ئەگەر بەتاڵانبردنی موڵك و ماڵی هەزاران گوندنشین بێت ئەوا هەر بەهەر حاڵ لەشوێنی ئەبێتەوە، ئەگەر کوشتن و ئیعدامکردنی هەزارەها کەسی رۆڵەی ئەم گەلە بێت ئەوا هەر قوربانی رێگەی ئازادیی و بەهەر حاڵ، بەڵام پرۆسەی ئەنفال دڕندەترین تاوانی جینۆساید بوو بەهەقی گەلێك بەمەبەستی سڕینەوەیان لەمێژوو لەژیان، لەسەر زەوی دەنا ئەبێ تاوانی کۆرپەیەك چیی بێت گەر مەبەستی ئەوەی لەدواوە نەبێت سەر بڕینی و کوشتنی بەمانای لەڕەگەوە هەڵکەندنی بنجی دروستبوونی نەوەیەك کەدەشێ پاش هەژدە ساڵ ئەویش وەك باوك و باپیری جەنگاوەرێك بێت و داوای مافی نەتەوایەتی خۆی بکات، بەڵام بیرکردنەوەی وا تەنها مەگەر لەهتلەر وەشابێتەوە کاتێك وەك سەرکردەیەکی نازی ویستی هەموو جولەکە لەناوبەرێت و کارگەی تایبەتی بۆقیمەکردن و لەت و پەت کردنیان دروستکرد، بۆیە باس لەیادکرانەوەی ئەنفال و دانانی رۆژێك بۆ ئەو یادەوەرییە، ئەگەر لەو روانگەیەوە بێت کەیادێکی تاڵ بەسەر بکەینەوە ئەوا من لەئاستیا لێکدانەوەیەکی ترم هەیە، هەموو گەلانی دنیا رۆژە خۆشەکانی وەك سەربەخۆیی و سەرکەوتنەکان ئەکەن بەجەژنی نەتەوایەتی، لێکدانەوەی من پێچەوانەی ئەوەی کەیادی کوشتن و بڕین و تاڵان و کاولکردنی زیاد لەپێنج هەزار دێی کوردو زیاد لەنیو ملیۆن کورد یادێکی تاڵە، بەڵام بەدیوەکەی تریدا دەکرێ یادی بەرگری و مقاوەمەتی میللەتێك بێت کەدڕندەترین تاوانکاری ئەم سەرزەمینە نەیتوانی گەلێك بەو پرۆسە بەدناوە لەناوبەرێت.

ماوەتەوە گوزەرێکی تر بکەین بەناو ئەو وتە کاڵ و کرچانەی دەزگا حکومی و حزبییەکان دەربارەی قەرەبووکردنەوەی کەس وکاری ئەنفال و بێ سەرو شوێن کراوان دەیکەن، خۆی ئەو کارەساتە وەك وتم ئەگەر زیانی ماڵی و گیانی بێت ئەڵبەت قەرەبوو کردنەوەی

ئاسانه، ئێستاش حکومەتی هەرێمی کوردستان لەتوانای داراییدا نەبێت رۆژێك لەڕۆژان هەر قەرەبوو ئەکرێنەوە، بەڵام گرفتەکە لەوەدا نییە، چونکە ئەو پرۆسەیە خۆی دەیان و سەدان نەخۆشی دەروونی وای خستۆتەوە تالایەنی کەم سێ نەوەی تریش پێوەی ئەناڵێ ئەی قەرەبووی ئەمە چۆن ئەدرێتەوە؟
ئەی ئەو وێنانەی عەرعەرو زیندە بەچاڵکردن و کۆرپە لەباوەش رفاندن و کچ لەباوك سەندن و دەیان و سەدان تاوانی وا بەچی قەرەبوو ئەکرێتەوە؟ تەنها دوو شت ماوە بیڵێم یەکەم ئەوەیە، نازییەکان کەئەیانویست جولەکە نەهێڵن هیچ جولەکەیەك هاوکاریان نەبوو بۆ بڕانەوەو قڕکردنی قەومی جولەکە، بەڵام ئەم پرۆسەیەی شۆڤێنییەی عەرەب لەسەر دەستی هەزاران جاش و زۆڵە کوردو ئەنفالچیدا رووی ئەدا کەبەڕای من ئەمەیان قەت هی لێخۆشبوون نییە لەو زۆڵە کوردانە، دووەم لەیەکەم دروستبونی حکومەتی نوێی عیراقدا ئەبوو بەڕەسمی دەقێك هەبووایە بەئاشکرا ئەو تاوانە قێزەونەی رسوا بکردایەو مەزارێك لەکوردستان هەبووایە بەدەستوور رایبگەیاندایە سەرەتای وەرگرتنی هەر پۆستێك لەلایەن بەرپرسانەوە پێشتر وەك سوێند خواردنی سەرەتای دەست بەکاربوون ئەو کاربەدەستە بچوایەتە ئەو مەزارەو لەبری هەموو ئەو سەربازو عێراقیانەی کەبەشداری ئەنفالیان کردووە تۆبەو پەشیمانی و داوای لێبوردنی بکردایە، بەڵام نەك ئەوە بەڵکو بەداخەوە حکومەتی مەرکەزی بەهیچ جۆرێك گرنگی بەو کێشەی ئەنفال و پاشماوەی ئەنفالانە نەداوە.

*سەرنوسەری رۆژنامەی رۆژانەی سلێمانی